# قومارکردن



پارێزەر/ کارزان ڕەشید دزەیی

ئەو کەسەی کەوا ئەمجۆرە یارییە دەکات با بزانین لە رووی یاساییەوە چۆن سزا دەدرێت؟ واتە سزادانی عێراقی چۆن باسی کردووە، کە تەنیا لە ماددەی (٣٨٩)دا باسی لێوە کردووە.

١.یعاقب بالحبس مدة لا تزید علی سنة وبغرامة لا تزید علی مائة دینار او باحدی هاتین العقوبتین کل من فتح او ادار محلا لالعاب القمار واعده لدخول الناس وکذلك کل من نظم العابا من هذا القبیل فی محل عام او محل مفتوح للجمهور او فی محل او منزل اعد لهذا الغرض.

واتە سزا دەدرێت بە بەندکردن کە لە ساڵێک زیاتر نەبێت، بەمانای گرتنی بۆ ماوەی ساڵێک یاخود پێبژاردنی پێ دەکرێت کە لە سەت دینار زیاتر نەبێت، یاخود سزا دەدرێت بە یەکێک لەو دوو سزایە، کەوا هەر یەکێک هەڵسێت بە کردنەوەی شوێنی قومار کردن یاخود ئەم شوێنە بەڕێوە بەرێت، کە ئەمجۆرە یارییە ئەنجام بدەن و هەروەها هەر کەسێک هەڵسێت بە یاری کردنی لەمجۆرە لە شوێنێکی گشتی، یا لە شوێنێکی کراوە، کە خەڵک سەیری بکات، یا یاریکردنی قوماری تێدا ئەنجام بدەن یان خانوویەکی بۆ ئەو مەبەستە ئاما کردبێت.

٢.ویعاقب بالعقوبة ذاتها صیارفة المحل.

سزا دەدرێت بە هەمان سزا، ئەو کەسەی کەوا خەرجی و خەرجییاتی شوێنەکە بکات.





٣.ویعاقب بالحبس مدة لا تزید علی شهر أو بغرامة لا تزید علی خمسین دینارا من وجد یلعب القمار فی المحلات المذکورة فی الفقرة (١).

واتە هەر کەسێک سزا دەدرێت، کەوا هەڵسێت بە یاریکردنی قومار لەو شوێنانەی کەوا لە برگەی یەک باسی لێوە کراوە، کە ئەویش سزادانێک کە لەمانگێک زیاتر نەبێت، یاخود پێبژاردنی پێ دەکرێت کەوا لە پەنجا دینار زیاتر نەبێت.

٤.تضبط النقود والادوات التي استعملت فی اللعب ویحکم بمصادرتها.

ئەو کەل و پەل و پوول و پارانەی کە بۆ ئەم یارییە بەکارهاتووە، دەستی بەسەر دا دەگیرێت، واتە گشت ئەو ئامراز و پارانەی کە لەو شوێنە هەبووە، گل دەدرێتەوە.

٥.وللمحکمة ان تحکم ایضا باغلاق المحل مدة لا تزید علی سنة.

دادگا بۆی هەیە کە بڕیاری داخستنی شوێنی قومارکردنەکە بدات، بۆ ماوەیەک لە ساڵێک تێپەڕ نەکات.

ئەوەی سەرەوە، برگە و بابەتەکانی تایبەت بە حوکمەکانی قومار کردن و سزاکانی بوو، بەڵام ئەوەی جێی داخە، تا ئێستا هیچ هەموار کردنێک لەلایەن پەرلەمانی کوردستان یاخود عێراق نەکراوە، کە بەجۆرێک بێت، سزاکەی لەگەڵ باری ئەمڕۆی سەردەم چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی بگونجێت. چونکە ئەمجۆرە یارییە زیانێکی زۆر بە ڕەوشتی کۆمەڵگا و باری دارایی تاک و جڤاکەکەی دەگەیەنێت، کە شایەنی ئەوەیە بیرێک لە چارەسەری بۆ بکرێتەوە.